## ئەو نامانەی بەفرمێسک نوسراون

کوردستان نێت
لەم رۆژانەدا کتێبێکی نوێ بەناوی (ئەو نامانەی بەفرمێسک نوسراون) لە ئامادەکردنی نوسەرو رۆژنامەنوس لەتیف فاتیح فەرەج و رۆژنامەنوس ئاکۆ محەمەد شوانی چاپ و بلاوکرایەوە. کتێبەکە لە کۆمەڵێ نامەی مندالانی باوک ئەنفال پێکهاتووە کە ئێستا لە (ئۆردوگای شۆرش) ی سەر بە چەمچەماڵ دەژێن. کتێبەکە لەلایەن لقی کەرکوکی یەکێتی نوسەرانی کورد لە چاپخانەی ئارابخای کەرکوک بەچاپ گەیاندراوە.
پێشەکی کتێبەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:
خوامان هەیە
نامەی منالان لەبارەی خۆیانەوە، ژیانیانەوە، باوکیانەوە دوای کارەساتی ئەنفال، یەکێکی دیکەبوو لەوکارانەی کە لەسالانی (96، 97، 98) ی سەدەی رابردوودا دەستم کرد بەکۆکردنەوەی ئەو نامانە. بەشێکی کەمیان لە رێگای هاورێ (پێشرەو شوانی) یەوە لە کوردستان نێت بەناوی منەوە بلاوکرانەوە، دواتریش (ئاکۆ شوانی) برای کاک پێشرەو بەشێکی زۆری لەنامەکان لە رۆژنامەی ئالای ئازادی بلاوکردەوە، کە ناومان لێنابوو (ئەو نامانەی بەفرمێسک نوسراون) ، ئاکۆ جگە لەونامانە چەندین نامەی دیکەشی بۆ زیادکرد، ئەم نامیلکەیە، بەشێکە لەونامانە بەگشتی. دەبێ ئەوەش بلێم کە پێشتر بەشێک لەنامەکان و ناوەرۆکی نامەکانم برد بۆ گۆڤاری ئایندە بەداخەوە دیارە سەری تیاچوو، هەرچەند دواتر کاک (دلشاد عەبدولا) داوای کرد نامەکان بنێرمەوە تا بلاوبکرێتەوە لەگەڵ ئەو نوسینەش کە لەسەریم نوسیبوو، لێ من نەمنارد، بایەخی ئەم نامانە لەوەدایە کە منالان بۆخۆیان قسەدەکەن، چۆنیەتی داواکردنەکەش لێیان بەوجۆرەبوو، لە قادرکەرەمیەکان لە (ئۆردوگای شۆرش) دەچوومە پۆلێکەوەو دەمگوت کێ باوک یان باوک و دایکی ئەنفالە با نامەیەکم لەوبارەیەوە بۆ بنووسێ بەئارەزووی خۆی، دیارە ئەمە بەشێکە لەبەرهەمەکەی، لەونامانەدا شیعری زۆر جوانیش دەنوسرا، بۆنموونە:
کوێر هەتا دەمرێ بەتەمای چاوە
منیش تا دەمرم هەر دەلێم باوە
یان منالێک نووسیبوی (کوا باوکم) هەلبەت ئەم نامانە بایەخ و تایبەتمەندی خۆیان هەیە بۆ ئایندەو بۆ توێژینەوە لەسەر کاریگەری ئەنفالیش لەسەر ئەوانەی ئەزیزترین کەسەکانیان لەم کارەساتە مرۆییەدا بوونەتە قوربانی، بەلای ئەو منالانەوە ئەنفال دزینی ئەزیزترین شتە یان کەسە لایان. هەموویان لەنامەکانیاندا باس لەوەدەکەن کەباوکی خۆیان نەدیوە (باوکی خۆم نەدیوە) ، لێرەوە ئێمە درک بەروحی بریندارى ئەو ئینسانە دەکەین کە ناوی کوردی پاشماوەی ئەنفالە، ئەو ئینسانەی رامانهێناوە لەسەر ئەوەی سالانە لەیادی ئەنفالدا دلی پربکەین لەخەم و ئەندێشەو دوو رۆژ دواتریش کارەساتەکەمان لەبیربچێتەوە، بیرکالی کورد لەوچرکەساتەوە دەستپێدەکات بۆیە ئەم هەولە لانی کەم بۆ ئەوەیە کەبیرمان نەچێت کە ئەنفال کراوین و هەمیشە دێرە شیعری ئەو کچۆلەیەمان لەسەر زاربێت کە دەلێ:
باخودا بەزەیی پێمابێتەوە
باوکم لەکوێیە بیهێنێتەوە

ئەم پێشەکیە کورتە بڕوام وایە لەبری ئەوەی پرۆژەکە بناسێنێ، ستەمێکە لەقسەی ئەو منالانە ئەوانەی خۆیان دەزانن چۆن قسە لەئەنفال بکەن بۆنموونە لەمیعە سەلام بابەعەلی دەلێ: "من باوکی خۆم نەدیوەو باوکی خۆم بەبیرنایات، تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەزانم باوکم نیە". یەک تکام لەخوێنەری ئەم نامانە هەیە ئەویش ئەوەیە، با بای نامەی پڕهەستی ئەم منالانە رێز لەو نامیلکەیە بگرێت و لەماڵەوە بۆ خوشک و براو کورو کچە بچوکەکانی بگێڕێتەوە، کە ئەونە نامەی منالانی کوردن. لێرەشەوە هەرکەسێک ئازادە ئەو نامانە وەردەگێرێتە سەر هەر زمانێک بەلام بەمەرجێ پرس بەهەردوو ئامادەکار بکرێت.

لەتیف فاتیح فەرەج

